# ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئایا ڕزگار بوون لە چیدایە؟ فەرمووی: «زمانت بگرە وبیپارێزە، وبا ماڵەکەت بەس بێت بۆت، وبگری بۆ تاوانەکانت

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئایا ڕزگار بوون لە چیدایە؟ فەرمووی: «زمانت بگرە وبیپارێزە، وبا ماڵەکەت بەس بێت بۆت، وبگری بۆ تاوانەکانت».

[صەحیحە]

عوقبەی کوڕی عامر -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕزگاربوونی ئیماندار لە دونیا وقیامەتدا؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: پابەندی سێ شت بە: یەکەم: زمان بپارێزە وبەدووری بگرە لە ووتنی هەرشتێك کە خێری تێدا نەبێت، ولە ووتنی هەرشتێك شەڕ وخراپەی تێدا بێت، وتەنها باسی خێر وچاکە بکە. دووەم: پەیوەستی ماڵەکەت بە بۆ پەرستنی الله لەکاتی تەنهابووندا، وسەرقاڵی گوێڕایەڵی وبەندایەتی کردن بە بۆ الله -عز وجل-، وبە مانەوە لە ماڵەکەت دوور بە لە هەموو فیتنە وخراپەیەك. سێیەم: وبگری وپەشیمان بەرەوە وتەوبە بکە لە هەموو تاوان وگوناهێك کە کردووتە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3602

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee